www.kurdistannet.org

19-10-2006 8:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



| | | |
|---|---|---|
| kurdistan freedom parti | | پارتی ئازادیی کوردستان |

"لە پێناو دامەزراندنی کۆمارێکی دیکەی کوردستاندا "بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان (کۆنگرەی سەقامگیرکردنی پرێنسیپە نەتەوەییەکان)

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد
تێکۆشەرانی ریزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییەکانی کوردستان
هەروەک لە ڕاگەیەندراوەکانی پێشووی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا ئاماژەیان پێکرا بوو، پاش ماوەیەک کاردروستایی بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، سەعات 10ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی /18ڕەزبەری 2706ک، 10/10/2006ز، لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا بە بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی حیزب و پارت و لایەنە سیاسییەکان و ژمارەیەکی هەڵبژاردە لە کەسایەتییە ئاکادیمی و ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە هۆڵی کۆنگرەکانی هوتێل شیرایتۆنی هەولێری پایتەخت کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان (کۆنگرەی سەقامگیرکردنی پرێنسیپە نەتەوەییەکان) لە ژێر دروشمی " :لە پێناو دامەزراندنی کۆمارێکی دیکەی کوردستاندا "لە نێو دیمەنێکی ڕازاوە بە ئاڵای کوردستان و وێنەی ڕێبەرانی مێژوویی کورد و دروشمە نەتەوەییەکان، دەستی بەکار کرد.
ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنگرە، بە بڕینی شریتی کۆنگرە، لە لایان دایک و بابی شەهید سەعید یەزدانپەنا، دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەستپێکرد. بە دوای ئەوەدا لەگەڵ چڕینی سرووودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب"، ئامادە بووان ساتێک بە پێوە ڕاوەستان. پاشان بەڕێز کاک عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی محەممەد، وتەی بەخێرهێنان و کردنەوەی کۆنگرەی پێشکەش کرد.
شاندی نوێنەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو میوانانە بوو کە بەشداری ڕێورەسمەکە بوون. بەڕێز کاک عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبەکەی پێشکەش کرد. پاشان فیلمی ڕێورەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە لایان یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە لە دووی ڕێبەندانی ساڵی 1372ی هەتاویی کە تێیدا سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕادەگەیەنێ "ئێمە ئاڵای کوردستان هەڵدەکەین و ئاڵای ئێران دێنینە خوارێ "بە ئامێری سکرین پیشاندرا کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئامادە بووان ڕووبەڕوو بوو. بە دووای ئەوەدا، سکرتێری گشتیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ئاورێکی خێرای لە دامەزران و داهێنانە سیاسییەکان و خەباتی 15ساڵەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دایەوە و ڕایگەیاند کە "کۆنگرەکەمان ئاڵوگۆڕی قووڵی بەدەستەوەیە". چەپکێک بەرهەمی جوانی هونەری گۆرانی و موسیقی کوردی لەلایان هونەرمەندان کاک عەلی زەندی و کاک فەرشید

نورانی و هەڤاڵ زانیار، بە هاوکاری هونەرمەند بەهادین موشیر پەنایی و کۆڕی هونەری لاوانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ناواخنی پرۆگرامی ڕێورەسمەکە بوون.

پێشکەشکردنی راپۆرتی سیاسی –ڕێکخراوەیی و باس و وتووێژی تێروتەسەل لە سەری، خوێندنەوەی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و پەسندکردنی کۆمەڵێک بڕیار و دواتر هەڵبژاردنی دام و دەزگاکانی ڕێبەرایەتی و وەک دوایین بەشی کاری کۆنگرە، ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی ئاکام و بڕیاراتی کۆنگرە، ئەو کارانە بوون کە لە ماوەی 3ڕۆژ کاری بێوچاندا، بەڕێوەچوون.

لە راپۆرتی سیاسیی و ڕێکخراوەییدا، کە لە لایان بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەناوە پێشکەشکرا، بە چڕی باس لە کێشەی کورد و بارودۆخی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەت و تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگەیی و ڕێکخراوەیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە 15ساڵی رابردوودا کرا. لە راپۆرتەکەی بەڕێز سکرتێری گشتی دا، زەروورەتی بوونی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە "حیزب "و ناو و ئاڕم و و ڕەنگی پێشنیاریی کۆمیتەی ناوەندیی خرایە بەرچاو و سەرنجی ئەندامانی کۆنگرە. پاش وتووێژ و قسەوباسێکی تێروتەسەل لە سەر تێکڕای بابەتەکانی راپۆرتی سیاسی –ڕێکخراوەیی و دەوڵەمەندکردنیان، راپۆرتەکە بە تێکڕای دەنگ پەسندکرا و یەکبەیەکی پێشنیارەکان خرانە دەنگدانەوە. کۆنگرە بڕیاریدا یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ببێ بە "حیزب "و "پارتی ئازادیی کوردستان "بووە ناوی تازەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ئارمی پێشنیارکراویش پاش شیکرانەوە، پەسندکرا. هەروەها ڕەنگی "نارنجی "وەک ڕەنگی تایبەتی پارتی ئازادیی کوردستان دیاریی کرا.

باسەکانی پێوەندیدار بە پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی پارتی ئازادیی کوردستان، کاتێکی زۆری کۆنگرەی بە خۆی تەرخانکرد و پاش باس لە سەر ئەو پێشنیار و بۆچوونانەی لە سەر بەرنووسەکانیان لە دوور و نزیکەوە گەیشتبوون، خرانە دەنگەوە و پەسندکران. پرۆگرامی پارتی ئازادیی کوردستان، بە ڕۆحێکی تەواو کوردستانی و نەتەوەیی داڕژاوە و جیاوازییەکانی لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان روون و بەرچاوە. هەروەها پێڕەوی ناوخۆش، کۆمەڵێک داهێنانی گونجاوی پێوەدیارە.

پاش کۆتایی هاتنی باسەکانی پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆیی PAKو پەسندکردنیان لە لایان کۆنگرەوە، نۆرە گەیشتە پرسی هەڵبژاردنی دەزگاکانی ڕێبەرایەتی پارتی ئازادیی کوردستان. ئەم بڕگەیە لە کاری کۆنگرە، بە پێی پێڕەوی ناخۆ، لە هەڵبژاردنی سەرۆکەوە دەستی پێکرد. لەم بەشەدا، لە کەتێکدا تێکڕای کۆنگرە بەشێوەی سروشتی تەنیا رووی لە یەک کەس، ئەویش هەڤاڵی خۆشەویست کاک حسەین یەزدانپەنا بوو؛ بەڕێزیان روو لە ئەندامانی کۆنگرە وتی " :دەزانم ئێوە هەمووتان بیر لەوە دەکەنەوە کە من لە سکرتێری گشتییەوە ببمە سەرۆکی پارتی و دەزانم هەمووتان منتان قبووڵە، بەڵام کەسێک کەمن بە براگەورەی خۆمی دەزانم، باشە بیکەینە سەرۆکی پارتی، ئەویش کوڕی پێشەوا قازی محەممەدە؛ بۆیە داوا لە بەڕێزیان دەکەم ئەو ئەرکە قەبووڵ بکەن و داوا لە کۆنگرەش دەکەم دەنگی پێبدا". داوا و پێشنیاری بەڕێز سکرتێری گشتی بە چەپڵەی ئەندامانی کۆنگرە وەڵام درایەوە، بەڵام لەبەر ڕەچاوکردنی باری یاسایی بابەتەکە، بەڕێزیان ڕاگەیاند کە بە پێی پێڕەوی ناوخۆ ئەگەر کەسێکی دیکە خۆی کاندید دەکا مافی خۆیەتی و باخۆی بناسێنێ. پاشان داوا و پێشنیارەکەی بەڕێزیان بۆ هەڵبژاردنی بەڕێز کاک عەلی قازی خرایە دەنگدانەوە و بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

بە دوای هەڵبژێرانی سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان، بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا، درێژەی بە قسەکانی دا و وتی " :ئەوەندەی بۆ من دەگەڕێتەوە، داوا لە کۆنگرە و سەرۆکی PAKدەکەم، ڕێگەم بدەن تەنیا وەک پێشمەرگەیەک درێژە بە کار بدەم". لە کاتێکدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆنگرە کەوتبوونە بەر کاریگەریی ڕۆحی گەورەی ڕێبەرەکەیان و فرمێسک لە چاویان دەهاتە خوارێ، بە چەپڵەلێدانی بەردەوام خوازیاری درێژەدانی بە کار لە ئاستی ڕێبەرایەتی دا بوون. هەر لەو کاتەدا

بەڕێز کاک عەلی قازی، رایگەیاند کە " :لەگەڵ حورمەت بۆ داواکەی کاک حسەین یەزدانپەنا، بەڵام یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان بەبێ کاک حسەین نابێ و بەڕێزیان دەبێ، یەکێک لە بەرپرسانی سەرەکی PAKبن و پۆستی جێگری سەرۆک قبووڵ بکا". ئەندامانی کۆنگرە بە چەپڵەلێدانی بەردەوام و نەپساوە، ئەو ئەرکەیان خستە سەرشانی بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا.

هەڵبژاردن بۆ "مەجلیسی گشتی پارتی "و "کۆمیتەی ناوەندیی "و "دەزگای دادوەریی"، ئەو دام و دەزگایانەی کە بە پێی پێڕەوی ناوخۆ، لە نێوان دوو کۆنگرەدا رێبەرایەتی و بەڕێوەبردن و دادوەریی پارتی ئازادیی کوردستان دەکەن، بەشێکی دیکە لە پرۆسەی هەڵبژاردن بوو. لەم پێوەندییەدا، پاش قسەوباس و راگۆڕینەوەی پێویست، 23کەس لە خەباتگێڕانی پارتی ئازادیی کوردستان وەک ئەندامی ئەو دام و دەزگایانە هەڵبژێردران.

راگەیاندنی ئاکام و بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ئاخرین بەشی کۆنگرە بوو کە لە سەعات 4پاشنیوەڕۆی رۆژی 12/10/2006، بە بەشداریی میوانانی کۆنگرە کە بریتی بوون لە نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و سەدان کەس لە کەسایەتییە ئاکادیمی و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەڕێوە چوو. ئەم بەشە لە کاری کۆنگرە بە وتەکانی بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا، دەستی پێکرد، کە تێیدا ئاکامەکانی کۆنگرەی یەکبەیەک راگەیاند وتیشکێکی کورتی خستە سەر نێوەرۆک و رۆحی پرۆگرامی پارتی ئازادیی کوردستان.

وتەکانی بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا و بڕیارات و ئاڵۆگۆڕەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە لایان بەشدارانی رێوڕەسمەکەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

بە دوای وتەکانی کاک حسەین دا، بەڕێز کاک عەلی قازی وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد و سوپاسی تێکۆشەرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی کرد و ئەو رۆژەی بە "خۆشترین رۆژی ژیانی خۆی"وەسپ کرد. لە کۆتایی وتەکانی بەڕێزیاندا، بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا، دەستی نایە ناودەستی سەرۆکی PAKو دەستی هەڵبڕی. ئەو دیمەنە بە چەپڵەی بەردەوامی بەشدارانی رێورسمەکە پێشوازیی لێکرا.

پێشکەشکردنی پەیامی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە لایان نوێنەرانیانەوە بڕگەیەکی دیکەی کاری رێوڕەسمەکە بوو. هەر بەو بۆنەیەوە، دەیان کەسایەتی پەیامیان ئاراستەی کۆنگرە کرد بوو کە بەداخەوە، بە هۆی نەبوونی کات پێشکەش نەکران. ناواخنی پرۆگرامەکانی ئەو بەشە، کۆمەڵێک گۆرانی رەسەنی کوردی بوو بە دەنگی هونەرمەندان عەلی زەندی و فەرشید نورانی و بە هاوکاریی هونەرمەند بەهادین موشیرپەنایی و کۆڕی هونەریی لاوانی PAK.

کۆنگرەی پارتی ئازادیی کوردستان، پاش 3رۆژ کاری بەردەوام، بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

ئەو حیزب و لایەنانەی کە بەشداریی رێوڕەسمی کۆنگرەی پارتی ئازادیی کوردستان بوون و پەیامەکانیان پێشکەش کرا، بریتی بوون لە:

1- حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
2- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
3- پارتی دیمۆکراتی کوردستان
4- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
5- حیزبی شیوعی کوردستان
6- حیزبی لیبرالی کوردستانی سوریا
7- یەکێتی نەتەوەیی دیمۆکراتی کوردستان
8- پارتی دیمۆکراتی کوردستانی باکوور

9- پارتی دیمۆکراتی کورد لە سوریا (پارتی)
10- کۆنگرەی نەتەوایەتی کورد لە ئەمریکای باکوور
11- پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان
12- پارتی یەکێتی کورد لە سوریا (یەکێتی)
13- بزووتنەوەی دیمۆکراسیخوازانی کوردستان
14- پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور
15- پارتی یەکێتی کورد لە سوریا
16- پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
17- حیزبی رزگاریی کوردستان
18- بزووتنەوەی دیمۆکراتی گەلی کوردستان
19- حیزبی ئازادی کورد لە سوریا
20- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
21- پارتی پارێزگارانی دیمۆکراتی کوردستان
22- حیزبی دیموکراتی بیت النهرین
23- رێکەفتنی دیمۆکراتی کورد لە سوریا (ویفاق)
24- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
25- بزووتنەوەی دیمۆکراتی تورکمان لە کوردستان
26- حیزبی رزگاریی کوردستان
27- حیزبی دیموکراتی پێشڤەروی کورد لە سوریا
28- پارتی نەتەوەیی کوردستان
29- پارتی یەکێتی کوردی رۆژاوای کوردستان

سڵاو لە **15**ساڵ خەبات و داهێنان و قوربانیدانی

پارتی ئازادیی کوردستان

پیرۆزبێ کۆنگرەی یەکەمی پارتی ئازادیی کوردستان
شەکاوە بێ ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان
سەرکەوێ خەباتی پارتی ئازادیی کوردستان
لە پێناو دامەزراندنی کۆمارێکی دیکەی کوردستاندا

دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی یەکەمی
پارتی ئازادیی کوردستان
**/24**رەزبەری**2706/**
پارتی ئازادی کوردستان/پاک